لیژنەی دارایی:بەردەوامین لە گفتوگۆکردن لەسەر خشتەکانی بودجە

ئەمڕۆ چوارشەممە، لیژنەی دارایی لە ئەنجومەنی نوێنەران یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بۆ پێداچوونەوە بە ناوەڕۆکی خشتەکانی بودجەی ساڵی 2024، هاوکات سەرۆکی لیژنەکە، عەتوان عەتوانی دووپاتی کردەوە کە کۆبوونەوەی بەردەوامن لەگفتوگۆکردن لەسەر خشتەکانی بودجە.

عەتونی لەمیانی کۆبونەوەی لیژنەی دارایی رایگەیاند: "کۆبوونەوە بەردەوامەکان ئەنجام دەدەین بۆ تاوتوێکردنی خشتەی بودجەی 2024 و دیراسەکردنی سیاسەتی دارایی".

عەتوانی وتیشی: میوانداری وەزیرانی دارایی و پلاندانان دەکەین سەبارەت بە خەرجییەکانی ئێستا و وەبەرهێنان و بڕگەکانی بودجەی پەیوەست بە دەستبەرکردنی پێداویستییە پێویستەکانی هاووڵاتی و گرێبەست و دامەزراندنەکان.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا وتی "کاتەکانمان سنووردارە، چونکە بڕیارە خشتەکان پێش دەستپێکردنی پشووی یاسادانان پەسەند بکرێن کە بڕیارە لە ن□ی مانگی داهاتوو ئەنجام بدرێت".